رووداو وەرزشی
WWW.RUDAW.NET
ژمارە (359) سێشەممە 2015/7/14 23ی پووشپەڕ 2015 (500) دینار
ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم د

KOREK Telecom

دونیا گۆڕاوە یان وەفای بۆ کەس نەماوە..

# مەدریدییەکان دووبارە مێسی بە باشترینی مێژوو هەڵدەبژێرنەوە

رووداوی وەرزشی ـ CNBC


لە کاتێکدا کە ئەرجەنتینییەکان رەخنەی لە مێسی دەگرن، مەدریدییەکان کە بە دوژمنانی سەرسەختی ئەو دادەنرێن، پەسنی ئەو یاریزانە دەدەن و جارێکی دیکە بە باشترین یاریزانی مێژوو هەڵیدەبژێرنەوە. رۆبێرتۆ کارلۆسیش دەڵێت «مێسی لە رۆناڵدۆ باشترە».

رۆبێرتۆ کارلۆس، بەرگریکاری بەرازیلی پێشووی یانەی ریال مەدرید بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو رایگەیاند «لیۆنێل مێسی لە کریستیانۆ رۆناڵدۆ باشترە». بەڵام لەوەش سەیرتر ئەنجامەکانی راپرسییەکی نوێی رۆژنامەی ماركای مەدریدییە، کە لەم رۆژانەدا بۆ دەستنیشانکردنی باشترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا ئەنجامدراوە، چونکە مەدریدییەکان بە رێژەیەکی خەیاڵی مێسییان بە باشترین یاریزانی مێژوو داناوە، کە 65 %ی مەدریدییەکان دەنگیان بۆ داوە. لەوەش سەیرتر جیاوازی نێوان مێسی و نزیکترین رکابەرەکەی خەیاڵییە، کە پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلەو تەنیا 7 %ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. لە کاتێکدا زینەدین زیدانی ئەفسانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی فەرەنساش تەنیا 6 %ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە. کەواتە کورد گوتەنی «دونیا گۆڕاوە یان وەفای بۆ کەس نەماوە؟».

پێشتریش هەمان رۆژنامە راپرسییەکی هاوشێوەی ئەنجامدابوو، کە ئەوکاتیش مەدریدییەکان هەر مێسییان بە باشترین یاریزانی مێژوو دەستنیشانکردبوو، بەڵام ئەوکات لەلایەن خەڵکانێکەوە بانگەواز بۆ ئەوە کرا کە کەتالۆنییەکان دەستیان خستووەتە ناو راپرسییەکەو لە جیاتی مەدریدییەکان دەنگیان بۆ مێسی داوە.




جەژنتان پیرۆز
بەو بۆنەوە هەفتەی داهاتوو (رووداوی وەرزشی) دەرناچێت




کاسیاس ئەمساڵیش باشترینی لالیگا بوو..

# پیلانەکە ئاشکرابوو

"ئەربیلوا بە قسەی پیریز پەنجەی دەستی کاسیاسی شکاندبوو"

«3



فێرگسۆن دەگەڕێتەوە مانچستەر و زۆر یاریزان دەکڕێت

6




لە جیاتی ئەوەی یاریزانان شەرم لە بینیتێز بکەن ئەو شەرم لەوان دەکات

5




## توران بۆ یاریکردن لەگەڵ بارسێلۆنا دەستنادات

«3

رووداو وەرزشی
ژمارە (359) سێشەممە 2015/7/14

## یەکەم راهێنەرم



حازم سالْحی راهێنەری یانەی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە ئەوەی ئەو بۆ یانەی دهۆک کردوویەتی راهێنەرانی دیکە نەیانتوانیوە بیکەن و گوتی "شانازی بەوە دەکەم کە لەنێو هەموو راهێنەرانی دهۆکدا یەکەم راهێنەری دهۆکم هەلی ئەوەم بە یاریزانانی شارەکە داوە یاری بۆ تیپی یەکەم بکەن. ئەوانی پێشووتر دەترسان لەم کارە تەنیا پشتیان بە 3 یاریزانی شارەکە دەبەست، بەڵام ئێستا زۆربەی یاریزانانی دهۆک خەڵکی شارەکەن، من ئەو کارەم ئەنجامدا کە ئەوان لێی دەترسان".

## هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی یانەی وەرزشیی هەولێر:

# خەونی گەورەم خزمەتکردنی کوردستانە



هەڵگورد مەلا محەممەد، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی هەولێر. ماوەیەکی زۆرە خزمەتی ئەو یانەیە دەکات، لە خولی عێراق و جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا بە درێسی هەولێر دەرکەوتووە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریکردنە. لە دایکبووی ساڵی 1987ی پارێزگای موسڵە. پێشتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی موسڵ، سلێمانی، تەڵەبە و هەڵبژاردەی عێراقیش یاریکردووە. (رووداوی وەرزشی) لە هەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد:

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

"یاریزانی عەرەب و راهێنەری ئەوروپی زۆر گرنگن بۆ یانەکانی کوردستان"

"شانازییە ئەگەر رێگەم پێبدرێت لە خولی کوردستان یاری بکەم"

**رووداوی وەرزشی: هۆکاری شکستی یانەی هەولێر لەم وەرزەدا بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** لە راستیدا هۆکاری سەرەکی شکستی ئەمساڵمان بۆ کێشە و قەیرانی دارایی دەگەڕێتەوە، کە بەرۆکی یانەکەمانی گرتووە. ئەوە کاریگەری تەواوی لەسەر بارودۆخی یاریزانان دروست کردبوو، بەو هۆکارەشەوە نەمانتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین.

**رووداوی وەرزشی: بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی یانەی هەولێر لەم قەیرانە رزگاری بێت؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** پێویستە لەسەر لایەنەکانی پەیوەندیدار وەکجاران پاڵپشتی دارایی بۆ یانەی هەولێر بگەڕێنەوە. ئەوە زۆر پێویستە بە بەڵگەی ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا ئەنجامەکانی یانەکەمان زۆر باش بوون.

**رووداوی وەرزشی: داهاتووی خۆت لەگەڵ یانەی هەولێر دیاریکردووە؟ ئایا دەمێنیتەوە یاخود نا؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** من کوڕی یانەی هەولێرم، بەڵام ئێمەش رزقمان لەسەر ئەو گرێبەستەیە کە وەریدەگرین، دوو ساڵە هیچ برە پارەیەکم وەرنەگرتووە، ئەوەی راستی بێت ئەگەر بارودۆخی یانەکەمان بەمشێوەیە بەردەوام بێت، زەحمەتە بمێنمەوە، بەڵام پەنا بەخوا هەولێر دەگەڕێتەوە باری جارانی.

**رووداوی وەرزشی: رۆیشتنی هاوار مەلا محەممەدی برات لە یانەی هەولێر کاریگەری لەسەرت نەبووە بۆ ئەوەی تۆش بیر لە رۆیشتن بکەیتەوە؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** نەخێر، رۆیشتنی هاواری برام هیچ پەیوەندی بەمنەوە نییە.

**رووداوی وەرزشی: هیچ گرێبەستت پێشکەشکراوە لە یانەکانی دیکەوە؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** بەڵێ، گرێبەستی یەکجار زۆرم بۆ هاتییە، بەڵام من هیچ بڕیارم نەداوە تاوەکو وەڵامی یانەی هەولێر وەرنەگرم.

**رووداوی وەرزشی: یانەکانی کوردستان لە خولی نایابی عێراقی پشت بە یاریزانی عەرەب دەبەستن تۆ لەگەڵ ئەو بە کۆمەڵهێنانی یاریزانی عەرەبی یان نا؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** لە راستیدا یاریزانی عەرەب زۆر گرنگە بۆ یانەکانی کوردستان، بەڵام لە پاڵ یاریزانە کوردەکانی خۆمان، چونکە بەیەکەوە سوودیان بۆ یانەکە دەبێت و هەموو بەیەکەوە دەتوانن کاری باش بکەن.

**رووداوی وەرزشی: بۆچی لە خولی کوردستان تۆ دەرنەکەوتی؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** بۆ من شانازییە یاری لە خولی کوردستان بکەم، کە بە خولی خۆمانی دەزانم، بەڵام بڕیارەکە لەدەست من نەبوو، یانەکەمان تەنیا بۆ خولی عێراق و ئاسیا بەشداری پێدەکردم، بۆیە نەمتوانی یاری بکەم.

**رووداوی وەرزشی: ماوەیەکی زۆرە ئاستێکی باش لە خولی عێراق و ئاسیا پێشکەش دەکەی، کەچی ناوت نییە لە هەڵبژاردەی عێراق؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** من سەرەتا ناوم هەبوو، بەڵام بەم دواییە بەهۆی دوو هۆکار بانگهێشتی ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق نەکرام، یەکەم پێکانەکەم بوو، دواتریش یانەکەمان نەیتوانی بگاتە خولی بژاردە.

"ئەگەر بارودۆخی یانەی هەولێر بەمشێوەیە بەردەوام بێت زەحمەتە بمێنمەوە"

**رووداوی وەرزشی: هانداری کام یانە و هەڵبژاردەی جیهانی و بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامی؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** هانداری هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیم. زۆریش سەرسامم بە رۆناڵدۆی بەرازیلی.

**رووداوی وەرزشی: خەونی گەورەت لە وەرزش چییە؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** بگەمە ئاستێکی بەرزتر لە یاریکردن و خزمەتی کوردستان بکەم.

**رووداوی وەرزشی: یانەی دهۆک ئەمساڵ جیاواز لە یانەکانی دیکە، پشت بە یاریزانانی کورد دەبەستێت، تۆ ئەم کارەی ئەوانت پێ چوونە؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** یانەی دهۆک دەستکەوتێکی گەورەی بەدەستهێنا، شانازییە بۆ هەموو کوردستان، پێمباشە یانەکانی دیکەش کاری لەم جۆرە بکەن.

**رووداوی وەرزشی: تۆ پێتباشە یانەکانمان پشت بە راهێنەری ئەوروپی یان عەرەب ببەستن؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** وەک یاریزانێک راهێنەری ئەوروپیم پێباشترە، چونکە سوودیان زیاترە بۆ یاریزانان و یانەکان.

**رووداوی وەرزشی: هیچت ماوە بیڵێی؟**

**هەڵگورد مەلا محەممەد:** تەنیا دەمەوێ سوپاسی (رووداوی وەرزشی) بکەم بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیەم.



# ئەستێرەکانی وەرزش و کارە خێرخوازییەکان

م. رەزوان عەبدولقادر

یارمەتیدانی هەژارو بێ نەوایان کارێکی مرۆڤایەتی و ئایین پەروەرییەو خوای گەورەش لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کردووە، جا ئەم کارە خێرخوازییانە هەرچۆنێک بێت لە پارەبەخشین و دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو هەر دەزگایەکی دیکە، کە خزمەت و بەرژەوەندی خەڵکی تێدابێت.

ئەستێرەکانی جیهانی وەرزش لەم نێوەندەدا پشکی گەورەیان بەردەکەوێت بەتایبەت ئەو یاریزانانەی خاوەن داهات و گرێبەستی گەورەن. بۆ نموونە یاریزانی تۆپی پێی نایجیری، کانۆ کاتی لە یانەی ئارسناڵی ئینگلیزی یاریدەکرد لەسەر ئەرکی خۆی نەخۆشخانەیەکی لە وڵاتەکەی دروستکرد تایبەت بە نەخۆشی دڵ و تێیدا چارەسەرو پشکنین بە خۆڕایی بوو. هەروەها رۆناڵدۆی بەرازیلی کاتێک لە یانەی ریال مەدرید بوو ئەویش نەخۆشخانەیەکی لە شاری رۆدی جانیرۆ دروستکرد تایبەت بە نەخۆشییەکانی منداڵان، چارەسەرکردن و پێدانی دەرمان بە خۆڕایی بوو. داڤید بێکهامی ئینگلیزی و زینەدین زیدان و تێری هێنری فەرەنسی و رۆناڵدینهۆ بەرازیلی چەندین ملیۆن دۆلاریان پێشکەشی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە یارمەتیدانی منداڵانی جیهان کرد لە سەرتاسەری دونیا. ئەستێرەیەکی باسکەی ئەمریکی و خولی NBA زیاتر لە 5 ملیۆن دۆلاری پێشکەشی منداڵە هەژارەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا کرد. جگە لەمانە ئەستێرەکانی تێنسی سەرزەوی وەک رافائیل نادال و دیۆکوڤیچ و سێرینا ویلیەمز و ئازارینکا چەندین پرۆژەی خێرخوازیان ئەنجامداوە و بەردەوامیش پارە دەبەخشنەوە. ئا ئەمەیە گیانی یارمەتیدان و مرۆڤ دۆستی، ئەوانە هیچ پابەندبوونێکیشیان نییە بە ئایینەوە، کەچی یارمەتی لێقەومان دەدەن. بەداخەوە لە کوردستانی خۆمانیش دەوڵەمەندەکان لە هەژمارناهێن و سەروەت و سامانیان لەرادەبەدەرە، کەچی نەمان بینی بەشداری یەک پرۆژەی خێرخوازی بکەن، تەنیا یەکێکیشیان ئامادە نەبوو نەخۆشخانەیەکی خێرخوازی تایبەت بە هەژاران بکاتەوەو پشکنین و دەرمان بەخۆڕایی بێت، تەنانەت زۆر لەوانە زەکاتی ماڵی خوا نادەن. ئەگەریش پرسیاریان لێبکەیت؟ دەڵێن لە هەموو کەس موسڵمانترین و نوێژ و رۆژیش دەگرین، بەڵام لە بنەڕەتدا موسڵمانیەتیان تەنیا بە ناسنامەیەو دوورە لە کردار.



کۆسرەت بایز:

# هەولێر پارەی دوو ساڵم بداتێ ناڕۆم

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

کۆسرەت بایز، یاریزانی یانەی وەرزشی هەولێر بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند "گرێبەستم لە یانەکانی مینای باشووری عێراق و نەجەف و زاخۆ و یانەکانی بەغدادیش بۆ هاتووە، بەڵام چاوەڕوانی یانەی هەولێرم ئەگەر پارەی دوو ساڵی رابردوومان بداتێ بەردەوام دەبین".

وەرزی رابردوو کۆسرەت بایز یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی هەولێر لەگەڵ یانەکەی توانی ئاستێکی بەرز لە یارییەکانی جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا و خولی نایابی یانەکانی عێراقی پێشکەش بکات، بۆیە ئەو بووەتە مایەی سەرەنجی چەند یانەیەک کە نیازیان هەیە لەم وەرزەدا گرێبەستی لەگەڵ بکەن.


لەو بارەوە کۆسرەت بایز بە (رووداوی وەرزشی) گوت "لە راستیدا تاوەکو ئێستا لەلایەن ژمارەیەک لە یانەکانی عێراق و کوردستانەوە گرێبەستم پێشکەشکراوە، بەتایبەتی لە چەند یانەیەکی شاری بەغداد و لەلایەن یانەی مینای باشووری عێراق و نەجەفیشەوە داواکراوم بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێ خولی نایابی عێراقدا یارییان بۆ بکەم، بەڵام ئێستا من پەیوەستم بە یانەی هەولێر و لەدوای جەژنیش بڕیارە لەگەڵ یانەکەمان کۆببینەوە بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین".

ئەوە رەتدەکاتەوە بەڵێنی بەهیچ یەکێک لەو یانانە دابێت کە داوای دەکەن و دەڵێت "تاوەکو ئێستا بەڵێنم بە هیچ یانەیەک نەداوە، بەتایبەت یانەکانی بەغداد، کە وەڵامی ئەوانم بە نەخێر داوەتەوە لەبەر خراپی بارودۆخی شاری بەغداد، تەنیا لەگەڵ یانەکانی نەجەف و زاخۆ قسەم کردووە، بەڵام ئەویش بەشێوەیەکی فەرمی نەبووە".

لە بارەی بوونی گرێبەستی دوو ساڵە لەگەڵ یانەی هەولێریش، ناوبراو گوتی "نەخێر. هیچ گرێبەستێکی دوو ساڵیم نییە ئەگەر پارە نەبێت باوەڕناکەم رێگە لە یاریزانان بگرن بۆ ئەوەی بۆخۆیان بچنە یانەکانی دیکە". بەڵام گوتیشی "ئەگەر یانەی هەولێر پارەی ئەم دوو ساڵەی گرێبەستی یاریزانەکانی خۆی بدات باوەڕناکەم هیچ یاریزانێکی کورد لە ریزی یانەکە بڕوات و هەموویان لە یانەی هەولێر دەمێنمەوە".



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (359) سێشەممە 2015/7/14



خەونی بوو

لۆسیانۆ ڤیێتۆ یاریزانی لاوی ئەرجەنتینی خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بە چوونی بۆ ریزەکانی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی و ڕایگەیاند کە خەونی بوو یاری بۆ ئەو یانەیەی پایتەختی ئیسپانیا بکات و لەو بارەوە گوتی "زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ دەبینم خەونی من هاتووەتەدی. زۆر لە مێژە حەزدەکەم ببمە یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و دییگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەر، هیوادارم لەگەڵیاندا بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و چەندین دەستکەوت و نازناو ببەمەوە".

سەرەڕای ئاست دابەزینی..

# کاسیاس ئەمساڵیش باشترینی لالیگا بوو



## "ڕێژەی گەڕاندنەوەی ئەو لێدانانەی ئاراستەی گۆڵی کراون 74 % بووە"

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

سەرەڕای ئەوەی ئەم وەرزە ئاستی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی ئیسپانی لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید لە پاشەکشەدابوو، بەڵام بە پێی ئامارەکان هێشتا باشترین گۆڵچی لالیگای ئیسپانی بووە.

چونکە کاسیاس لە ڕووی گەڕاندنەوەی ئەو لێدانانەی ئاراستەی گۆڵی کراون باشترینی نێو سەرجەم گۆڵچییەکانی لالیگا بووە، کە 131 تۆپی گەڕاندبووەوە، واتە بە ڕێژەی 74%. دوای ئەویش سێرجیۆ ئەسینجوای گۆڵچی ڤیاڕیال بە گەڕاندنەوەی 123 تۆپ بە پلەی دووەم دێت. پلەی سێیەمیش بەر چابی ئیرۆریتای گۆڵچی ئیبار کەوت، بە گەڕاندنەوەی 118 تۆپ.

پلەکانی دیکەش لە چوارەمەوە تاوەکو دەیەم بەمشێوەیەن: سێرجیۆ ریکۆی گۆڵچی سڤیلیا (113 گەڕاندنەوە). جۆرکا ئیرازۆزی گۆڵچی ئەتلەتیک بلباو (112 گەڕاندنەوە). کیکۆ کاسیای گۆڵچی ئیسپانیۆل (107 گەڕاندنەوە). فابریسیۆ رامیرێزی گۆڵچی دیپۆرتیڤۆ لاکارۆنیا (103 گەڕاندنەوە). سێرجیۆ ئەلڤاریزی گۆڵچی سێلتاڤیکۆ (102 گەڕاندنەوە). ئیدریس کامینی گۆڵچی مەلەگە (102 گەڕاندنەوە). پرزیمیستاو تیتۆنی گۆڵچی ئیلچێ (100 گەڕاندنەوە).

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرەنج بوو، ئەوەبوو کە ناوی کلاودیۆ براڤۆی گۆڵچی یانەی بارسێلۆنا لە 10 باشترینی یەکەمدا نەهاتووە، سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ خەڵاتی زامۆرا بۆ باشترین گۆڵچی لالیگای وەرگرتووە، بەڵام ئەو خەڵاتە لەسەر بنەمای کەمترین گۆڵ دەدرێت، واتە ئەو گۆڵچییەی لە خولەکەدا کەمترین گۆڵی لێدەبێت خەڵاتەکە دەباتەوە. براڤۆ لەم وەرزەی لالیگادا لە 37 یاریدا تەنیا 19 گۆڵی لێبوو.

ئەم هەویرە ئاوی زیاتر دەبات..

# "پیریز بە ئەربیلوای گوتبوو کاسیاس تووشی پێکان بکە"



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

دوای ئەوەی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی ئیسپانی لە کۆنگرەی ماڵئاواییکردن لە ڕیال مەدرید زۆر فرمێسکی ڕژاند، دایک و باوکی ئەو گۆڵچییە زۆر قسەیان بە ڕیال مەدرید و سەرۆکەکەی گوت، بەڵام دیارە باوکی کاسیاس دڵی بەو هەموو ڕەخنانە ئاوی نەخواردووەتەوەو لە لێدوانێکی دیکەدا دوو تاوان دەداتە پاڵ فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی شاهانە.

دوای ئەوەی پێشتر لویس کاسیاسی باوک و ماری کارمنی دایکی کاسیاس، پیریزیان بەوە تۆمەتبارکرد کە پیلانێکی بۆ ناشیرینکردنی وێنەو ناوبانگی کوڕەکەیان هەبووەو گوتیان "پیریز ڕقی لە کاسیاس بوو". ئەمجارە لویسی باوکی کاسیاس گۆمەکەی زیاتر شڵەقاند و گوتی "ئەو هاندەرانەی لە هەندێک یاری ڕیال مەدریددا فیکەیان لە دژی کاسیاس لێدەدا پیریزیان لەپشتەوە بوو، بە قسەی پیریز ئەو کارەیان بە کاسیاس دەکرد". تەنانەت باوکی کاسیاس گوتیشی "هەر پیریز بوو ئەلڤارۆ ئەربیلوای ڕاسپاردبوو لە یاری ڤاڵنسیادا لە کاسیاس بدات و تووشی پێکانی بکات، ئەربیلواش ئەوەی کردو پەنجەیەکی دەستی کاسیاسی شکاند".

کورد گوتەنی ئەم هەویرە ئاوی زیاتر دەبات و لە ڕۆژانی داهاتوودا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا و ئەورووپا سەرقاڵی بەدواداچوونی ئەم قسانەی باوکی کاسیاس دەبن، چونکە تۆمەتێکی گەورەیە دەدرێتە پاڵ سەرۆکی ڕیال مەدرید، وەک ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا دەڵێن "پێویستە پیریز ڕوونکردنەوە بدات و باوکی کاسیاسیش بە بەڵگەوە قسەکانی بسەلمێنێت".



ئەردا توران..

# لە کۆکەرەوەی تۆپ بەرامبەر بارسێلۆنا بۆ یاریزانی تیپەکە

## "بەر لە 13 ساڵ توران تۆپی بۆ یاریزانانی بارسا کۆدەکردەوە"

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ساڵی 2002 یاریگەی عەلی سامی یەن لە تورکیا میوانداری یاری نێوان گەلاتەسەرای و بارسێلۆنای کرد، یارییەکە بە بردنەوەی بارسێلۆنا بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر کۆتایی هات و گۆڵەکەش لویس ئێنریکی ڕاهێنەری ئێستای بارسا تۆماری کرد. لەو یارییەدا مێردمنداڵێکی تورک لە پشتەوەی گۆڵ تۆپی دەهێنایەوە، کە قەدەر وایکرد دوای 13 ساڵ ببێتە یاریزانێکی یانەی بارسێلۆنا لەژێر سەرپەرشتی لویس ئێنریکی خاوەنی گۆڵەکە.

ئەو مێردمنداڵە ئەردا توران بوو. توران بەر لە هەفتەیەک لە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە ڕووی لە هەرێمی کەتالۆنیا کرد، بە فەرمی بووە یاریزانی بارسا و بووە دووەم دەستەوارەی بارسا دوای بەرگریگاری لای ڕاست ڤیدال، کە بەهۆی سزادانی بارسا تاوەکو سەرەتای ساڵی نوێ ناتوانن یاری بکەن.

توران ئەوکاتەی لە تیپی تازە پێگەیشتووانی گەلاتەسەرای بوو لەوە ڕاهاتبوو، لە کاتی یارییەکانی تیپی یەکەم لە پشت گۆڵ بوەستێت و تۆپ کۆبکاتەوە، بۆیە چەندینجار لە کاتی خۆشی دەربڕین بە گۆڵ تۆمارکردنی جۆرجی هاجی ئەستێرەی ڕۆمانی ئەوکاتی گەلاتەسەرای دەردەکەوێت. بەڵام یارییەکەی گەلاتەسەرای و بارسێلۆنا بۆ توران چیرۆکێکی جیاوازە، چونکە دوای تەواوبوونی یارییەکە توران چووە ناو یاریگە، بەهیوای ئەوەی یادگارییەکی لە یاریزانانی بارسا دەستکەوێت. ئەوەی بەدەستی کەوت دەستەوانەیەکی کریستینفالی بەرگریکاری فەرەنسی یانەی بارسێلۆنا بوو، کە تاوەکو ئێستاش لە ماڵی باوکی لە ئیستەنبۆل هەڵی گرتووە.

ساڵەکان تێپەڕین و توران بووە یاریزانێکی گەورە لە تورکیا و کاپتنی گەلاتەسەرای، پاشان چووە ئەتلەتیکۆ مەدرید کە دوایین هەنگاوی بوو بەر لەوەی ڕوو لە یانەی بارسێلۆنا بکات، بە سەرپەرشتی لویس ئێنریکی.

شوێنەکەی سەر کورسی یەدەگ دەبێت..

# گرێبەستی ئەردا توران شکستخواردووە

## "توران لە 4 وەرزدا تەنیا 13 گۆڵ و 18 ئەسیستی هەیە"

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ئامار و ژمارەکانی ئەردا تورانی یاریزانی تورکی، کە بەر لە چەند ڕۆژێک گرێبەستی لەگەڵ یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی مۆرکردووە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە ئەو یاریزانە لە ئاستی بارسادا نییە و شوێنی سەر کورسی یەدەگ دەبێت".

هەرچەندە گرێبەستکردن لەگەڵ توران لەلایەن ئیدارەی یانەی کەتالۆنییەوە بە دەستکەوتێکی باش لە میرکاتۆی ئەم هاوینەدا دادەنرێت و زۆر لە جەماوەری ئەو یانەیەش پێی دڵخۆشن، بەڵام زۆر لە چاودێران بە پشتبەستن بەو ئامارانەی یاریزانە تورکەکە لەگەڵ یانەی پێشووی، ئەتلەتیکۆ مەدرید تۆماریکردوون، گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کە گرێبەستی توران گرێبەستێکی شکستخواردووە. وەک ئەوەی سانتی نۆلای ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی ڕەخنە لە بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسا دەگرێت و پێیدەڵێت "سەرت شێواوە، چۆن 41 ملیۆن یۆرۆ بە توران دەدەی، تەنیا بۆ ئەوەی بۆ خەڵک بسەلمێنی کە لە کاتی ململانێدا تۆ دەتوانی گرێبەستەکان بۆ بەرژەوەندی خۆت یەکلایی بکەیەوە". بە قسەی ئەو ڕۆژنامەنووسە "گرێبەستی توران گرێبەستێکی فاشلە".

بێگومان سانتی نۆلا و زۆرانی دیکەی هاوڕای، بە پشتبەستن بە ئامار و ژمارەکانی توران لە وەرزی ڕابردوودا دەوێرن ئەو بڕیارە لەسەر یاریزانێکی وەک ئەردا توران بدەن، کە لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید چەندین نازناوی بردووەتەوە.

ئەوەتا ژمارەکانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە توران ناتوانێت ببێتە یاریزانی سەرەکی لە هێڵی ناوەڕاستی بارسێلۆنا، بەهۆی بوونی هەریەک لە ئەندرێس ئینێستا، سێرجیۆ بۆسکێس و ئیڤان ڕاکیتیچ، کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی هەریەک لەو سێ یاریزانە.

توران لەنێو سەرجەم یاریزانەکانی ئەتلەتیکۆ مەدریددا لە وەرزی ڕابردوودا زۆرترین تۆپی لەدەستداوە، کە 136 تۆپ بووە، 47 لە پاسدانی هەڵە و 89ش لەلایەن یاریزانانی بەرامبەرەوە لێیوەرگیراون.

لە ڕووی یاریکردن بە یاریزانانەوە توران 74 هەوڵیداوە، 43یان سەرکەوتوو بوونە و 31یشیان هەڵە بوونە.

بەدرێژایی کاروانی خۆی، توران تەنیا 160 جار یاری بە یاریزانی بەرامبەر کردووە، کە بە بەراورد بە یاریزانانی بارسێلۆنا ژمارەکەی زۆر خراپە.

توران 147 لێدانی ئاراستەی گۆڵ کردووە، تەنیا 38%یان چوونەتە ناو 3 ستوونەکە. هەروەها توران لە ماوەی 4 وەرزدا تەنیا 13 گۆڵی هەیە و 18 ئەسیستی داوەتە هاوڕێکانی.



فڕاندوویەتی

سەرەڕای ئەوەی ئەمساڵ لەلایەن جەماوەری ریال مەدریدەوە زۆر رەخنەی لێگیراو بەوە تۆمەتبار کرا کە ئاستنزمی ئەو هۆکارێکی سەرەکی دەستبەتاڵ دەرچوونی یانەی شاهانە بووە لەم وەرزەدا، بەڵام هەموو میدیای جیهان پەسنی ئەو ئاستە بەرزەی گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی دەدات، کە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی پێشکەشی دەکات. ئەوەتا لە ماوەی تەنیا 4 ساڵدا بەیڵ هەڵبژاردەی وێڵزی 107 خانە لە ریزبەندی فیفا بۆ باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان بردووەتە پێشەوە، کە لە ساڵی 2011 لە پلەی 118 بوو، ئێستا هاتووەتە پلەی دەیەم.

سەیر و سەمەرە!!

# ئەمریکییەکان جیرارد ناناسن و تۆتیش خۆشەویستی پیرەژنانە

**ئا: رەمزی میرەکانی**

لە جیهانی وەرزش بە گشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی، زۆر بەسەرهات روودەدەن کە بڕوا پێکردنیان زەحمەتە، بەڵام لە راستیدا روودەدەن:

## تۆتی خۆشەویستی پیرەژنانە



هەرچەندە پیرەژن و پیرەمێردەکان لەچاو گەنجان کەمتر عاشقی ئەستێرەکانی تۆپی پێن، بەڵام وادیارە خۆشەویستی جەماوەر بۆ فرانچیسکۆ تۆتی ئەستێرەی تەمەن 38 ساڵی ئیتاڵی و کاپتنی یانەی رۆما هەموو سنوورەکانی بەزاندووە، تا رادەیەک پیرەژنەکان بۆ دیتنی ئەو دەگریێن.

ماڵپەڕی فەرمی یانەی رۆما لەسەر پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا دەردەکەوێت پیرەژنێک بۆ دیتنی تۆتی زۆر بە گەرمی دەگرییێت و تەوقەی لەگەڵ دەکات. تۆتیش زۆر کاریگەر دەبێت بە فرمێسکەکانی ئەو پیرەژنەو لە کاتی تەوقەکردندا گاڵتەی لەگەڵ دەکات و وا خۆی پێشاندەدات کە دەستی ئازاری هەیە بەهۆی توند گوشینی لەلایەن پیرەژنەکەوە.

ئەم گرتە ڤیدیۆیە جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە تۆتی ملیۆنەها هەواداری هەیە، نەک تەنیا لەنێو گەنجاندا، بەڵکۆ لەنێو هەموو تەمەنەکاندا خۆشەویستە.

## ئەمریکییەکان ستیڤن جیرارد ناناسن



گەلی ئەمریکا بەوە ناسراوە زۆر بایەخ بە تۆپی پێ نادات و زیاتر شەیدای وەرزشەکانی دیکەی وەک تۆپی باسکە و تۆپی پێی ئەمریکییە، هەرچەندە ئێستا خولی پیشەگەرانی ئەمریکا بووەتە رووگەی یاریزانە دێرینە بەناوبانگەکان، ئەوانەی چاویان لەوەیە دوایین ئەزموونی ئاسوودە و پڕ بەسوود بەر لە وازهێنان بەڕێبکەن، هاوشێوەی دێڤید بێکهام، تێری هێنری، ئەندریا پێرلۆ، فرانک لامپارد، دێڤید ڤیا و چەندانی دیکە.

چوونی ئەستێرەی ئینگلیزی ستیڤن جیرارد بۆ یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی، نەبووە مایەی بایەخێکی گەورە لەنێو ئەمریکا، وەک ئەو هەرایەی رۆیشتنی ئەو ئەفسانەیە لە لیڤەرپووڵ لە ئینگلتەرا نایەوە. لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە وێنەی یەکەم مەشقی جیراردی لەگەڵ تیپە تازەکەی نیشاندەدات لەگەڵ گفتوگۆیەکی پشت کامێرا، بڕی نەفامی گەلی ئەمریکا بە تۆپی پێ نیشاندەدات. وێنەگرێکی ئەمریکی راسپێردرابوو وێنەی جیرارد لە کاتی مەشقەکان بگرێت، بەڵام ئەو جیراردی نەدەناسی و لە کەسێکی تەنیشتی خۆی دەپرسێت بۆ ئەوەی جیراردی نیشانبدات و وێنەی بگرێت.

## هاندەرانی تۆتنهام بە رۆیشتنی پاولینیۆ دڵخۆشن



جەماوەری یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی بە خۆشی و گاڵتەی زۆرەوە پێشوازییان لە هەواڵی رۆیشتنی یاریزانی بەرازیلی تیپەکەیان پاولینیۆ بۆ ریزەکانی یانەی گوانجۆی چینی کرد، ئەمەش بەهۆی شکستهێنانی ئەو یاریزانە بوو لە سەپاندنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی سپێرز، لەوەتەی لە هاوینی 2013 لە یانەی کۆرینچیانزەوە رووی لە یانەکە کردووە. هەندێکیان رۆیشتنی پاولینیۆیان بە دەستەوارەی سەدە وەسفکردووە، کە تۆتنهام توانی بەدەستی بهێنێت، لەو کاتەی دەستەی هاندەران بەڵێنی رێکخستنی ئاهەنگێکیان داوە، دوای ئەوەی کارگێڕی یانەکە توانی ئەو یاریزانە لە کۆڵی خۆی بکاتەوە، هەروەها هاندەرێکی بەئەمەکی تۆتنهام دووپاتیکردەوە "یانەی گوانجۆی چینی منی لە ژیان هێشتەوە، چونکە ئەگەر پاولینیۆ وەرزێکی دیکە بمابایەوە دڵی لە لێدان دەکەوت".

# فێرگسۆن دەگەڕێتەوە مانچستەر و زۆر یاریزان دەکڕێت

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

کەناڵی تەلەڤزیۆنی مانچستەر یونایتد ستار، مژدەیەکی گەورەی بە جەماوەری یانەی شەیتانە سوورەکان داو ئاشکرایکرد کە ئەلیکس فێرگسۆنی راهێنەری ئەفسانەیی ئەو یانەیە جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە یانەکەو چەندین یاریزانی باش دێنێتە ریزەکانی تیپەکەی.

بە قسەی ئەو کەناڵە بێت، هەموو لایەک بە ئیدارە و فێرگسۆن و لویس ڤان گالی راهێنەریشەوە رازی بوونە بە گەڕانەوەی فێرگسۆن، کە 27 ساڵ سەرپەرشتی مەشقەکانی ئەو یانەیەی کردووەو چەندین دەستکەوت و نازناوی گەورەی بۆ بردووەتەوە. بەڵام وەک لە هەواڵەکەدا هاتووە فێرگسۆن نەک وەک راهێنەر بەڵکو وەک بەرپرسی کڕین و هێنانی ئەستێرەکان کاردەکات، بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆرەی لەو بوارەدا هەیە، کە هەمیشە بەوە ناسراوبوو "بەهرە باشەکان دەدۆزێتەوەو دەزانێت کام یاریزان دوارۆژێکی سەرکەوتووی هەیە".

لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە "ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، هەڵوێستی ڤان گال بوو، کە بە سینگێکی زۆر فراوانەوە ئەو پێشنیازەی قبووڵ کردو رایگەیاند کە زۆر حەزدەکەم و شانازی بەوە دەکەم لەگەڵ کەسێکی بە ئەزموونی وەک فێرگسۆن کاربکەم بۆ خزمەتکردنی یانەکەم".

ئەلیکس فێرگسۆن دۆزەرەوەی چەندین گەورە ئەستێرەی جیهانە، لەسەرووشیانەوە ئێریک کانتۆنای فەرەنسی، کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی و واین رۆنی ئینگلیزی.



باستیان شڤاینشتایگەر..

# یەکەم ئەڵمانی لە ریزی شەیتانە سوورەکان

**رووداوی وەرزشی ـ ئەرسەلان عەبدوڵڵا**

باستیان شڤاینشتایگەر، مایسترۆی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی بایرن میونش، دەبێتە یەکەم یاریزانی ئەڵمانی لە مێژوودا، کە درێسی یانەی مانچستەر یونایتد بپۆشێت و لەو یانەیەدا یاریبکات.

مانچستەر یونایتد بە سەرکردایەتی ڤان گال، دەیەوێت بگەڕێتەوە سەکۆی نازناوەکان، دوای ئەوەی دوو وەرزە هیچ نازناوێکی بەدەست نەهێناوە.

لویس ڤان گالی راهێنەر لە وەرزی رابردوودا چەند پلانێکی یاریکردنی تاقیکردەوە، بە تایبەتی لە ئامادەنەبوونی مایکڵ کاریک، کە بەهۆی پێکانەوە زۆر لە تیپەکە دابڕا و شوێنێکی هەستیاری هەیە لە ناوەڕاستی تیپەکەدا.

## رۆڵی لە مانچستەر یونایتد

بە هاتنی شڤاینشتایگەر بۆ مان یونایتد، ئەو یاریزانە ئەڵمانییە، رۆڵی کاریک وەردەگرێت و دەبێتە گاڵێکی تازەی بەستەوەی ناوەڕاست بە بەرگری و بە هێرشبردنیشەوە و چاوەڕێ دەکرێت گۆڕانکارییەکی باش لە ئاستی یاریکردنی شەیتانە سوورەکان دروست بکات.

شڤاینی، کە تەمەنی 30 ساڵە، بە بیرمەندی هێڵی ناوەڕاست دادەنرێت و دەتوانێت ئەو هێڵە پڕ بکاتەوە و ببێتە چەقی دەستپێکردنی هێرشەکان، بەهۆی هێزی بێ سنووری و توانای لەرادەبەری لە خوێندنەوەی یاری.

هاوکات ئەو یاریزانە بە لێدانە بەهێزەکانی و جێبەجێکردنی تۆپە جێگیرەکان ناسراوە و جۆراوجۆرکردنی یارییش، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شڤاینی.

ئەو یاریزانە ئەڵمانییە یەکێک بووە لە گرنگترین یاریزانەکان بۆ یانە و هەڵبژاردە جۆراوجۆرەکانی ئەڵمانیا لە ماوەی 10ساڵی رابردوودا، دووبارە دەگەڕێتەوە یاریکردن لە ژێر سەرپەرشتی لویس ڤان گال، کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵیدا هەیەو پێشتر ڤان گال دوو وەرز راهێنەری بایرن میونشن بوو.

### چارەسەرکردنی کێشەی هێرشبردن

لە مان یونایتدا هێرشبەری زۆرباشی وەکو وەین رۆنی، دی ماریا و ماتا هەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاریزانێکی باش لە ناوەڕاستدا، ئەوانیش نەیانتوانیوە بە باشی دەرکەون، بەڵام بە گرێبەستکردن لەگەڵ شڤاینی، مان یونایتد دەتوانێت چانسی ئەوەی هەبێت هێرشبەرەکانی باش دەرکەون، بە تایبەتی کە ئەو ئەستێرە ئەڵمانییە خوێندنەوەی بۆ یاری باشە و دەتوانێت ریتمی یاریی خۆی بسەپێنێت.

سەرۆکی یانەی بایرن میونشن کارل هاینز رۆمێنیگێ ئاشکرایدەکات هەوڵی داوە شڤاینی لە بڕیارەکەی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام نەیتوانیوە و لەوە تێگەیشتووە کە ئەو یاریزانە دوای 17 ساڵ یاریکردن لە بایرندا، دەیەوێت ئەزموونێکی دیکەی یاریکردن تاقیبکاتەوە.

یواخیم لوف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەلای خۆیەوە پێیوایە، گواستنەوەی شڤاینشتایگەر و گۆڕانکارییەکە، لەوانەیە سوودی بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا هەبێت.

دەستکەوتەکانی لەگەڵ بایرن و مانشافتدا

شڤاینی لە سەر ئاستی بایرندا دەسکەوت و نازناوی زۆرە، لەوانە 8 جار بۆندسلیگای ئەڵمانیا و 7 جاریش جامی ئەڵمانیای بەدەستهێناوە، لەگەڵ یەک نازناوی چامپیۆنزلیگی ئەوروپا.

یاریزانە قژ زەردەکە، زیاتر لە 500 یاری لەگەڵ بایرن ئەنجامداوە و یەکەم یاریشی لەگەڵ تیپەکەدا لە 17 ساڵیدا ئەنجامداوە.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا 111 یاری لەگەڵ مانشافتی ئەڵمانیا ئەنجامداوە و یەکەم دەرکەوتنی بە درێسی ئەڵمانیا لە 2004دابوو، بەمدواییەش بووە کاپتنی ئەڵمانیا لە شوێنی فیلیپ لام، گرنگترین نازناویش لەگەڵ تیپی وڵاتەکەیدا بەدەستی هێنابێت، نازناوی مۆندیالی بەڕازیل بوو لە ساڵی رابردوودا.



"قژ زەردەکەی ئەڵمانیا کێشەکانی ڤان گال چارەسەردەکات"



ڕووداو وەرزشی
ژمارە (359) سێشەممە 2015/7/14



## 1 دژی 1

قسەکردنی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئیسپانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە هەڤپەیڤینێکدا بووە جێگەی سەرنج و تەنانەت گاڵتەپێکردنیش لەلایەن ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چونکە چەندینجار وشەی یەک لە دژی یەکی بەکارهێنا. لەو هەڤپەیڤینەدا هەر پرسیارێک لە بارەی تاکتیکی تیپەکەی لە گواردیۆلا کرابایە ئەو لە کۆتاییدا دەیهێنایەوە سەر پلانی 1 دژی 1 و دەیگوت "بایرن میونشن پێویستی بەو یاریزانانەیە کە دەتوانن پلانی یاریزان لە دژی یاریزان پەیڕەو بکەن".

25 زانیاری لە بارەی کاروانی کاسیاس لەگەڵ ڕیال مەدرید..

# "با هەمیشە بە ویستی کەشتییەکان هەڵناکات"

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

کاروانی ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی ئەفسانەیی یانەی ڕیال مەدرید لەگەڵ یانەکە کۆتایی هات، دوای ئەوەی چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کاسیاس و یانەی شاهانە 25 ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام "هەمیشە با بە ویستی کەشتییەکان هەڵناکات".

دوای ڕۆیشتنی کاسیاس بەرەو یانەی پۆرتۆی پورتوگالی، ماڵپەڕی دیفینسا سنترالی بەناوبانگ ڕاپرسییەکی لەناو هاندەرانی یانەی شاهانە ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی باشترین گۆڵچی لە مێژووی ڕیال مەدریددا، دەرئەنجام کاسیاس بە ڕێژەی 61%ی دەنگەکان ئەو نازناوەی بردەوە. بەڵام هەرگیز دڵی کاسیاس بەم نازناوە خۆش نابێت، دوای ئەوەی بەرپرسانی مەدرید نەیانهێشت چیدی ئەو ئەفسانەیە لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە، کە زەحمەتە پێشتر هیچ یاریزانێکی دیکە هێندەی کاسیاس ئەو یانەیەی خۆش ویستبێت.

سەرچاوە نزیکەکانی یانەی شاهانە دەڵێن "کاسیاس بە ویستی خۆی نەڕۆیشتووە، چونکە وەفادارترین کوڕی یانەکە بوو، بەڵام ڕافایێل بینیتێزی ڕاهێنەر بە فەرمانی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆک، کاسیاسی ناچارکردووە لە ڕیال مەدرید بڕوات و پێیگوتووە چیدی جێگەت لێرە نەماوە".

هەر چۆنێک بێت ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی 25 زانیاری بڵاوکردووەتەوە، کە وەسفی کاروانی پڕ سەروەری ئیکەر کاسیاس لەگەڵ ڕیال مەدرید دەکەن، کە لە ساڵی 1990 دەستی پێکردووە.

1 ـ کاسیاس کە تەمەنی بووە 9 ساڵان باوکی بردییە ڕیال مەدرید بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، کە تێیدا سەرکەوتوو بوو و لە ڕیزەکانی تیپی ڕیال بۆ تەمەنی خوار 10 ساڵی وەرگیرا، ئەوەش لە وەرزی 1990 ـ 1991 بوو.

2 ـ کاسیاس توانی هەموو تیپە تەمەن جیاوازەکانی ڕیال مەدرید ببڕێت و چەندین دەستکەوتیان لەگەڵ بە دەستبێنێت، تاوەکو گەیشتە تیپی یەکەم.

3 ـ یەکەم بانگهێشتکردنی بۆ تیپی یەکەم لە تەمەنی 16 ساڵی بوو و بۆ تیپی تەمەن خوار 19 ساڵی یاری دەکرد، بەڵام لە خوێندن دەریانهێنا بۆ ئەوەی پێی ڕابگەینن. یۆب هاینکسی ڕاهێنەری ئەوکاتی تیپی یەکەمی ڕیال مەدرید، ناوی خستووەتە نێو لیستی یاریزانە بانگهێشتکراوەکان بۆ یارییەکی چامپیۆنسلیگ.

4 ـ یەکەم نازناوی کاسیاس لەگەڵ تیپی یەکەمی ڕیال مەدرید جامی ئینتەرکۆنتیننتال بوو لە کانونی یەکەمی 1998، هەرچەندە بەشداری لە یارییەکە نەکرد و ناوی لە لیستی یاریزانە یەدەگەکانیش نەبوو.

5 ـ یەکەم دەرکەوتنی فەرمی کاسیاس لە 12 ئەیلولی 1999 بوو لە تەمەنی 18 ساڵی، بەمەش بووە بچووکترین گۆڵچی لە مێژووی ڕیال مەدرید بەشداری لە یارییەکی خولی ئیسپانیا بکات.

6 ـ یەکەم نازناوی لە چامپیۆنسلیگ لە ساڵی 2000 بوو بەرامبەر یانەی ڤالنسیا، کاسیاس بووە بچووکترین گۆڵچی بەشداری لە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتییەکی ئەورووپیدا بکات.

7 ـ کاسیاس ساڵی 2000 خەڵاتی براڤۆی پێدرا کە گۆڤاری (سپۆرتیڤۆ) بۆ باشترین بەهرەی ئەورووپی خوارووی 21 ساڵی پێشکەشی دەکات.

8 ـ یەکەم نازناوی لە خولی ئیسپانیا لە وەرزی 2001 ـ 2002 بوو، کە کاسیاس لەو وەرزەدا بەشداری لە 34 یارییدا کرد.

9 ـ لە وەرزی 2001 ـ 2002 یەکەم قەیرانی کاسیاس سەری هەڵدا، دوای ئەوەی ڕاهێنەری ئەوکات دیل بۆسکی لە پێکهاتەی سەرەکی لە جیاتی کاسیاس پشتی بە سیزار سانچێز بەست.

10 ـ لە 23ی ئایاری 2002 کاسیاس بووە پاڵەوان، دوای ئەوەی لە خولەکی 68ی یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ لەجیاتی سانچێزی پێکراو بەشداری یاری بەرامبەر بایەرلیڤەرکۆزنی کرد، لەو یارییەدا توانی چەندین دەرفەتی ڕاستەقینەی گۆڵ تۆمارکردن بگێڕێتەوە و نازناوەکە بۆ ڕیال مەدرید مسۆگەر بکات.

11 ـ "من لە ڕیزی گالاکتیکۆس نیم من لە مۆستۆلیسم"، ئەمە یەکێکە لە بەناوبانگترین وتەکانی کاسیاس، مەبەستی ئەوەبوو کە ئەو یاریزانێک نییە ڕیال مەدرید کڕیبێتی، بەڵکو ئیسپانییەکی ڕەسەنە و خەڵکی شاری مۆستۆلیسە.

12 ـ لە وەرزی 2007 ـ 2008 کاسیاس توانی بۆ یەکەمجار خەڵاتی زامۆرا بەدەست بێنێت، کە دەدرێتە باشترین گۆڵچی لالیگا. دواترینیش بوو دوای ئەوەی لە لیگای ئەو وەرزەدا کەمترین گۆڵی لێبوو.

13 ـ لە وەرزی 2010 ـ 2011 کاسیاس بووە کاپتنی ڕیال مەدرید دوای ڕۆیشتنی ڕائوول گۆنزالێس.

14 ـ گێڕانەوەی تۆپی دییگۆ پیرۆتی کە بە یەکێک لە باشترین گێڕانەوەکانی تۆپ لە مێژووی تۆپی پێدا دەژمێردرێت.

15 ـ بەدەستهێنانی جامی شای ئیسپانیا بۆ یەکەمجار لە کاروانی وەرزشی دوای بردنەوە لە یانەی بارسێلۆنا لەسەر یاریگەی مێستایا.

16 ـ "تەلەفۆنی ئاشتی" کاسیاس بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ چاڤی هێرناندێزی کاپتنی بارسێلۆنا دەکات بۆ هێورکردنەوەی کەشوهەوای نێوان یاریزانانی هەردوو یانە، دوای ئەو قەیرانانەی بەسەر کلاسیکۆدا هات.

17 ـ ئەو پێکانەی لەسەر یاریگەی مێستایا بەرامبەر ڤالنسیا تووشی هات دوای ئەوەی قاچی ئەلڤارۆ ئەربیلوا بەر دەستی کەوت، وای لە خۆزێ مۆرینیۆی ڕاهێنەری ئەوکات کرد، بڕیار بدات دییگۆ لۆپێز بکرێت.

18 ـ سەرەتای قۆناخی تاریکی کاسیاس لە وەرزی 2012 ـ 2013 لە یاری مەلەگە لە گەڕی 17 لیگا دەستیپێکرد.

19 ـ ململانێ لەگەڵ دییگۆ لۆپێز دەستیپێکردو ئەنچیلۆتی بڕیاری دا لە یارییەکانی جامی شا و چامپیۆنسلیگ یاری بە کاسیاس بکات، لۆپێزیش لە خولی ئیسپانیا یاری بکات.

20 ـ باشترین یاری کاسیاس بەڕای خۆی بەرامبەر ئەتلەتیک بلباو بوو لە گەڕی 34ی خولی ئیسپانیا لە وەرزی 2007 ـ 2008.


21 ـ هەڵەیەکی کوشندەی کاسیاس بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە یاری کۆتایی چامپیۆنسلیگ دەبێتە هۆکاری تۆمارکردنی گۆڵێکی ئەتلەتیکۆ، بەڵام ڕامۆس بە تۆمارکردنی گۆڵێک لە خولەکی 92 ڕزگاری دەکات.

22 ـ دۆڕان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید لە سەرەتای وەرزی 2014 ـ 2015 بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک، دەبێتە سەرەتای ڕەخنەکان و فیکەلێدان و گاڵتەپێکردنی جەماوەری ڕیال مەدرید لە کاسیاس.

23 ـ جامی مۆندیالی یانەکان دوایین نازناوی پاڵەوانیەتی کاسیاسە لەگەڵ ڕیال مەدرید.

24 ـ دوایین یاری کاسیاس لە ڕێکەوتی 2015/5/23 بەرامبەر خیتافی بوو لە خولی ئیسپانیا.

25 ـ کاسیاس دوای 25 ساڵ خزمەتکردن بە یانەی شاهانە، کۆتاجار ماڵئاوایی لە یانەکەی کردو بەرەو ئەنجامدانی ئەزموونێکی نوێ لە خولێکی نوێی ئەورووپادا سەری هەڵگرت.



"بینیتێز بە فەرمانی پیرێز
بە کاسیاسی گوتووە
چیدی جێگەت لێرە نەماوە"





## 15 ئەستێرە بێ نازناوی نێودەوڵەتین..

# ئەفسانەکان مەرج نییە نازناوی نێودەوڵەتی ببەنەوە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

زۆر لە چاودێران دەڵێن "بۆ ئەوەی یاریزانێک ببێتە ئەفسانە، مەرج نییە نازناوێکی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بباتەوە". چونکە وەک ئەوان دەڵێن "ئەگەر پێوەرەکان بەو شێوەیە بن، ئۆزیبیۆ و کرۆیف و ڕائوول و ماڵدینی و زیکۆ ئەفسانە نین".

دۆڕانی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە یاری کۆتایی کۆپا ئەمێریکا بەرامبەر چیلی بە لێدانی یەکلاییکەرەوە، دەرگای مشتومڕی لە دژی ئەستێرەکانی کردەوە، نەخاسمە ئەستێرەی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لیۆنێل مێسی باشترین یاریزانی جیهان بۆ چوار ساڵی لەسەریەک.

زۆر کەس بەراوردی ئاستی مێسیان لە یانەی بارسێلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین کرد. بەڵام هەندێک لەوانەی بەرگری لە مێسی دەکەن دەپرسن ئەو هەموو هێرشکردنە بۆ سەر مێسی لەبەرچی؟. ئەوە نییە چەندین ئەستێرەی ئێستا یان ئەفسانەی پێشووی تۆپی پێ، هیچ دەستکەوتێکیان لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان بەدەست نەهێناوە، هەرچەندە کاروانی وەرزشیان لەگەڵ یانەکانیان گەورە بووە؟!.

لەم ڕاپۆرتەدا دیارترین ئەو ئەستێرانەتان پێ ئاشنا دەکەین کە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان هیچ نازناوێکیان بەدەست نەهێناوە:

1 ـ یۆهان کرۆیف: ئەفسانەی یانەی ئەجاکس و بارسێلۆنا، هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ ئاشی هۆڵەندی بەدەستنەهێناوە، سەرەڕای ئەوەی لە 48 یاری نێودەوڵەتیدا 33 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆمارکردووە.

2 ـ ئۆزیبیۆ: لە 64 یاری نێودەوڵەتیدا 41 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی پورتوگال تۆمارکردووە، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ پورتوگال بەدەستنەهێناوە، هەرچەندە کاروانێکی گەورەی لەگەڵ یانەی بەنفیکا هەبووە.

3 ـ ڕۆبیرتۆ باجیۆ: ئەفسانەی تۆپی پێی ئیتاڵیا و یانەی یوڤانتۆس هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەدەست نەهێناوە. ئەو لە 57 یاری نێودەوڵەتیدا 26 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا تۆمارکردووە.

4 ـ دینیس بێرکامپ: ئەفسانەی یانەکانی ئەجاکس ئەمستردام و ئارسناڵ هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی هۆڵەندا بەدەست نەهێناوە. کە خاوەنی 37 گۆڵی نێودەوڵەتییە لە 79 یاریدا.

5 ـ لویس فیگۆ: پاڵەوانی مۆندیالی لاوان لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال، بەڵام لەگەڵ هەڵبژاردەی یەکەم هیچ نازناوێکی کیشوەری یان نێودەوڵەتی بەدەست نەهێناوە، هەرچەندە باشترین یاریزانی ساڵی 2001 جیهان بوو. فیگۆ لە 127 یاری نێودەوڵەتیدا 34 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆمارکردووە.

6 ـ پاولۆ ماڵدینی: ئەفسانەی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەدەست نەهێناوە. ئەو بەرگریکارە لە 126 یاری نێودەوڵەتیدا 7 گۆڵی تۆمارکردووە.

7 ـ مایکل بالاک: ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە سەرەتای هەزارەی سێیەم. لە 98 یاریدا 42 گۆڵی تۆمارکرد، بەڵام نەیتوانی هیچ نازناوێک لەگەڵ هەڵبژاردەی مانشافت بەدەستبێنێت.

8 ـ ڕائوول گۆنزالێس: بە تۆمارکردنی 323 گۆڵ، تاوەکو ئێستا گۆڵکاری مێژوویی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانییە، بەڵام هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بەدەست نەهێناوە.

9 ـ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ: باشترین یاریزانی جیهان بۆ 3 جار و ئەستێرەی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد و ئێستای ڕیال مەدرید، هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ پورتوگال بەدەست نەهێناوە. ئەو لە 120 یاریدا 55 گۆڵی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی تۆمارکردووە.

10 ـ ئۆلیڤەر کان: گۆڵچی ئەفسانەیی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، کە خاوەنی 86 یاری نێودەوڵەتی بوو، نەیتوانی هیچ نازناوێکی نێودەوڵەتی بباتەوە.

11 ـ زیکۆ: ئەستێرەی مێژوویی هەڵبژاردەی بەرازیل لە هەشتاکان، بێبەشبووە لە بردنەوەی نازناوێک لەگەڵ هەڵبژاردەی سامبا.

12 ـ فیرنیک بوشکاش: ئەستێرەی مێژوویی یانەی ڕیال مەدرید و هەڵبژاردەی هەنگاریا لە شەستەکان. نەیتوانی ببێتە خاوەن نازناوێکی نێودەوڵەتی.

13 ـ پۆل گاسکوین: ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە نەوەدەکان. نەیتوانی هیچ نازناوێک بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بباتەوە

14 ـ واین ڕۆنی: ئەستێرەی یانەی مانچستەر یونایتدیش هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەدەست نەهێناوە.

15 ـ لیۆنێل مێسی: ئەستێرەی بارسێلۆنای ئیسپانی و باشترین یاریزانی جیهان بۆ 4 جار، هیچ دەستکەوتێکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە ئەمریکای لاتینی یان مۆندیال بەدەست نەهێناوە. کەواتە مێسی بەتەنیا نییەو وەک گوتراوە "یاریزانی ئەفسانە مەرج نییە نازناوێکی نێودەوڵەتی بباتەوە".







"ئەگەر نازناوی نێودەوڵەتی پێوەر بێت
ئۆزیبیۆ و کرۆیف و زیکۆ ئەفسانە نین"








# لەپشت ڕۆیشتنی چاڤی، کاسیاس و شڤانشتایگەرەوە

هەمووان هەڵدێن.. هەریەکەیان لەدەست یەکێک، ئەوە باشترین ناونیشانە بۆ ڕۆیشتنی ئەستێرەکان لە یانەکانی ئەورووپا، بە تایبەتیش لە وەرزی ئەمساڵدا.

فرمێسکەکانی ئیکێر کاسیاسی گۆڵپارێزی ریال مەدرید لە دوا کۆنگرەی ئەو یاریزانەدا و پەیامەماڵئاواییەکەی کە پڕی لە حەسرەتە بۆ بەجێهێشتنی ریال مەدرید، زۆر کەسی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی ئەوە زوڵمە لەو گۆڵپارێزە دەکرێت، تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئیسپانیاش کەوتنە نێو هەمان هەڵوێستەوە و لە خۆڕا نەبوو لێدوانە ئاگراوییەکانی باوک و دایکی کاسیاس، لە هەموو شتێک زیاتر دەنگدانەوەی هەبوو.

ئەوە تەنیا کاسیاس نەبوو، بەو دڵە پڕ لە خەم و کەسەرە زۆرەوە یانەکەی بەجێهێشت، ئەمساڵ ساڵی کۆچکردنی ئەستێرە گەورەکانە بەرەو دەرەوەی ئەو یانانەی تەمەنی زۆری خۆیان پێبەخشیوە، بەڵام ئەوەی کاسیاس جیا دەکاتەوە لەوانیدی، ویستی ئەو یاریزانە بوو بۆ مانەوە، چونکە وەک دیل بۆسکی گوتی ئەو ئەفسانەی زیندووی یانەکەیە، ڕۆیشتنی ئەفسانەکە دەریایەک سۆزی جۆراوجۆری جوڵاند.

هەمیشە لایەنە مرۆییەکەی تۆپی پێ سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەو هەڵسوکەوت و کارانەی یاریزانان زۆرجار لە نێو یاریگەدا دەیکەن و پەیامە مرۆڤایەتییەکەی تۆپی پێ پێشاندەدەنەوە و دووپاتیدەکەنەوە، بردنەوە ناتوانێ بەسەر بیرکردنەوەی مرۆییانەدا زاڵ ببێت، جێگەی سەرنج بوون لای من، بەڵام کاتێک ڕۆیشتنی ناچارییانەی کاسیاس دەبینی، پاش 20 ساڵ یاریکردن لەگەڵ یانەکەیدا کە خۆی بە «ماڵەکەم» ناویبردووە، مرۆڤ ناچار دەبێت بڵێ لایەنە مرۆییەکەی تۆپی پێ لە ژێر هەڕەشەدایە.

کاسیاس ڕۆیشت و کۆمەڵێک یادەوەری بۆ هاندەرانی یانەکەی بەجێهێشت، بەڵام ئەگەر وەک ئاست و یاری بیری لێبکرێتەوە، ڕۆیشتنی ئەو گۆڵپارێزە نابێتە ڕەخنە بەسەر پێرێزی سەرۆکی یانەکەوە، چونکە کاسیاس لە دوو وەرزی ڕابردوودا ئاستێکی خراپ و نزمی پیشاندا.

ئەوە تەنیا کاسیاس نییە لەدەست سەرۆکی یانەکەی هەڵدێت، پێشتر لە چەندین شوێنی دیکەدا هەمان شت هەر لە هاوینی ئەمساڵدا ڕوویاندا.

گەرچی ڕۆمەنیگێ و خودی گواردیۆلاش، دووپاتیانکردەوە گواردیۆلا هۆکار نییە لە ڕاکردنی شڤاینی بەرەو مان یو، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە شڤاینی ناچاربوو لەدەست پشتگوێخستن و بێباکی ئەو ڕاهێنەرە بەرامبەر یەکێک لە باشترین یاریزانانی ناوەڕاستی جیهان، هەڵوێست وەربگرێت، لە خۆڕا نییە مێژوو دەڵێ، ئەوە یەکەمجارە یاریزانێک کە پاڵەوانی جیهان بێت لە ئەڵمانیاوە بچێتە یانە سوورپۆشەکەی شاری مانچێستەر.

با بگەڕێینەوە ئیسپانیا، ڕۆیشتنی چاڤیش لە بارسا هەر شتێکی لەو شێوەیە بوو، بەڵام چاڤی بەڕێزەوە بەڕێکرا، یان وا ڕێکەوت کە بارسا چامپیۆنزلیگ بباتەوە و چاڤی بکرێتە کاپتن بۆ بەرزکردنەوەی ئەو جامە، وەک ئەوەی پێشتر یانەکە هەمان شتی بەرامبەر ئێریک ئەبیدالیش کرد. بەڵام لە ڕاستیدا چاڤی لە دەست کارگێڕیی نوێی یانەکەی ڕایکرد، لەبەرئەوەی چاڤی لەو نەوەیەی یانەکە کە دەستکەوت و نازناوەکانیان لەسەردەمی گواردیۆلا و لاپۆرتادا گەیشتنە لوتکە.

لە ئینگلتەراش هەمان شت ڕوویدا، ئەوەی وایکرد ستیڤن جیرارد ناچار بێت لیڤەرپوول بەجێبهێڵێت، ڕۆجێرزی ڕاهێنەر بوو، وەرزی ڕابردوو شتێکی وام نووسی، داواکاری بە کەمکردنەوەی مووچەکەی، بۆ جیرارد تەنیا پێشاندانی ڕێگەی ڕۆیشتن بوو لە یانەکە، ئەوەی ستیڤن ڕاکردن بوو لە دەست ڕاهێنەر.

ئەستێرەکان ڕادەکەن، ئەوان کە دەچنە تەمەنەوە، دەیانەوێ لە یانەکانی خۆیاندا لەسەر مێژوو و نازناوەکانی پێشوویان ڕێزیان لێبگیرێت و بەردەوام بن، بەڵام کە ئەوە دەستناکەوێ و ناچار دەبن بڕۆن، کە ئەوەش ڕوویدا سۆزی داهێنانەکانی پێشتر دەجووڵێت، ئیدی من لەوە دەترسم بەها مرۆییەکانی تۆپی پێ لەو یارییەدا کاڵ و کاڵتر ببنەوە.

# دیپای درێسە نەفرەتلێکراوەکەی بەرکەوتووە




**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

مەمفیس دیپای، یاریزانی لاوی هۆڵەندی بە درێسی ژمارە 26 لەگەڵ یانە نوێیەکەی، مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی دەستی بە مەشقەکانی کرد، کە ئەو هاوینە لە یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندییەوە پەیوەندی پێوەکردووە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو یاریزانە بەر نەفرەتی ئەو درێسە دەکەوێت، کە بە درێسە نەفەرتلێکراوەکەی مانچستەر یونایتد ناسراوە، یان سەرکەوتوو دەبێت؟.

ڕۆژنامەی مانچستەر ئیڤنینگ نیوزی ئینگلیزی ئاماژە بەوە دەکات «لەم ساڵانەی دواییدا ئەو ژمارەیە بووەتە نەفرەت بۆ هەر یاریزانێک، کە لە مانچستەر یونایتد لەبەری کردبێت».

دوایین یاریزان کە ئەو درێسەی لەبەرکردبێت، گابرییێل ئۆبرتان و هێرشبەری ئەنگۆلی مانوتشۆ بوون، کە تەنیا لە 3 یاری وەک یەدەگ بەشداری کرد. ڕۆژنامەکە باسی ئەوەش دەکات کە ایریزانانی شەیتانە سوورەکان وەک نەریتێک لە کەمپەکانی ئامادەسازی یان یاری دۆستانەی پێش وەرزی تازە، ژمارەی ڕاستەقینەی خۆیان لەبەرناکەن «پێشتر ئەستێرەی ئەرجەنتینی خوان سباستیان ڤیرۆن لە کاتی هاتنی بۆ مانچستەر یونایتد درێسی ژمارە 7ی لەبەرکرد، بەڵام دواتر ژمارەکەی گۆڕی، لەوانەیە دیپایش تەنیا لە یارییە دۆستانەکاندا ژمارە 26 لەبەربکات و لەگەڵ دەستپێکردنی وەرز ژمارەیەکی دیکە لەبەربکات». وەک چۆن وەرزی ڕابردوو لوک شاویش وایکرد، لە گەشتەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درێسی ژمارە 28ی لەبەرکرد، بەڵام لە پاڵەوانیەتییە فەرمییەکاندا درێسی ژمارە 3ی لەبەرکرد.





(ڕووداوی وەرزشی)

بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................

مۆبایل : ..............................................

3 چل و دووەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی .
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD .
3 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
4 ـ کۆمپیۆتەری لاپتۆپ .
5 ـ مۆبایل.











ڕووداو وەرزشی

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

0750 454 71 68 - e-mail:ihsanrudaw@gmail.com

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد



